# راگەیاندنی درۆ و چەواشە کار لە کوردستاندا

**ئالان سیان _ کرکوك**
Alan_k73@yahoo.com

**دوو رۆژە بەمەبەستی سەردانی کۆمەلایەتی مالە خەزوران لە کەرکوکی دلی کوردستانەوە ، کە بەراستی ئەو دلە ئێستە نەخۆشی لێی داوە و فەقیرە بێ کەسە و تەنانەت پارەی عەیادەیشی نیە و خەمخۆرێکیش نیە بەهانایەوە بچێت ، بەلێ لەکەرکوکەوە تەماشای هەوالەکان ئەکەم بەتایبەت لە کەنالەکانی خۆمانەوە وەك زاگرۆس و ئاسمانی کوردستان و کوردساتەوە ، بەتایبەت تر هەوالەکانی شاری قەلا و منارە ، هەروەها رۆژنامەکانیش .. بەلام کورتە هەوالێکی رۆژی شەممەی رۆژنامەی خەباتم خوێندەوە ،بەراستی زۆرم سەیر لێهات ؟؟!! کە راگەیاندن تا ئەو ئاستە کاسە لێسی بۆ حزب بکات و لە خزمەت حزب دا بێت ، گەر حزب هەرچی کرد ئەوە راستە و بەرامبەریش هەرچی کرد ئەوە وەك دەسکی گۆچان هەلەی کردووە ؟؟!! زۆرم سەیر لێهات ، کە رۆژنامەی خەبات هەمان هەوالەکەی کەنالی زاگرۆسی بلاو کردبویەوە ، کە گوایە کەس و کاری قوربانیانی تاوانەکانی گروپی شێخ زانا لە مەلای مزگەوتێك هەلدەستنەوە کە هەمیشە پشتگیری تیرۆر و گروپی تیرۆریستی شێخ زانا بووە ؟؟!! ، مەسەلەیەکم بیر کەوتووە کە هەمیشە لە کۆلیژماندا جەماعەتی عیلم النفس ئەیان وتەوە ، کە درۆزن درۆ چەند جار و بە چەند شێوە دوبارە ئەکاتەوە تا وای لێدێت بەرامبەر باوەڕی پێ ئەکات ، هەروەها پەندێك هەیە ئەلێ ضربنی فبکی و سبقنی و اشتکی ، بەلێ ئەمە پڕ بە پێستی ئەو برادەرانەیە بەراستی ..**

**کۆمەلێك تیرۆریستی پەروەردەکراوی حزبێك ، رۆژی جومعە و بە بەرچاوی ئەو هەموو نوێژ خوێنەوە مەلایەك بەر چەقۆ ئەدەن لەناو حەرەمی مزگەوت دا ، کەچی لەو کەنالانەی راگەیاندنەوە ئەلێن مەلاکە تیرۆریستە !! ئەلێن مزگەوت تیرۆریست دروست ئەکات !! ئەلێن تیرۆریست لە قورئانەوە فێری هونەری چەقۆ**

وەشـاندن ئـەبێت !! بەشـەرمەزاریەوە ئـەڵێن كـەس و كـاری قوربـانیـانی گروپـی تیرۆریسـتی شـێخ زانـابوون و لـەو مەلایـە را پـەریون چـونكە پشـتگیری تـیرۆری كردووە !! ..

لـەم لێدوانانـەی ئـەم كەناڵـە راگەیاندنانـەوە دەر دەكـەوێت كـە لێـدانی ئەومەلایە كـارێكی رێكخـراو بـووە لەلایـەن حزبـەوە ، هـەناوەكو بۆچـی سـەرجەم دەزگاكانی ئەو حزبە دێن و دیفاع لە چەقۆ وەشێنەكان ئەكـەن ؟!! وە ئەمـە جـێ‌ی پرسیارە !!

تـەنها لەسـەر ئـەوەی كـە هەفتـەی رابـردوو ئـەو مەلایـە لـە وتارەكەیـدا گروپەكـەی شـێخ زانـای تۆمـەتبار و ڕوو ڕەش و قێـزەون كـردووە ، وە لـە هـەمان كاتیشدا گلەیی لە ئاسایش كردووە كە بۆ دوای چەند ساڵ و ئە نجام دانی چـەندین تـاوان ئەوجا ئەو گروپە دەستگیر كـراوە لـە شـێوەی شـانۆ ئاسـادا و ، كەناڵـەكانی راگەیانـدنیش لەگەڵیـدا تـەییار كـراوە دژی ئیسلام و مزگـەوت و قورئـان .. ئـایـا خەڵكینە ڕا دەربرین قەدەغەیە ؟! لاوا نمان لەزەمانی رژێمی بەعسـی خـوێن خـۆری كورددا دەچون بۆ هاندەران و لەو ولاَتـانـە لجـوئی سیاسـیان وەردەگـرت ، بەراسـتی گەر حاڵ ئاوا بێت و لەسەر دەربرینی ڕا و رۆشن كردنەوەی راستی بەر چەقۆ بدرێیت وابزانم جارێكی تر كۆچ ڕەو دەست پێدەكاتەوە ..

ئەگـەر ئـەڵێن وایـش نیـە و یەشـتا دنیـا نەگەیشـتووەتە ئـەو حاڵـە و یاسـا سەروەرە و تـاوان بـاران بە حوكمی عـادیلانەی خۆیان ئەگەن ، ئەوە مـن بـم لـەجێ‌ی ئـەو مەلایـە ، شـكاتی یاسـایی لـەو دەزگـا راگەیاندنانـە دەكـەم ، چـونكە درۆ هەڵبەستن لە یاسادا وە تەشهیر بە كەسایەتی حوكمی توندی هەیە ، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە ببێتە سەرەتـایەك بۆ دەم بەست كردنی سەرجەم راگەیاندنە حزبیـەكان كە چی تر دەهۆڵ لەدەری پشتی حزب نەبن ، وە یاخود گەر وەهایشن ئەوا بە نـاوی كـورد و كوردسـتان و شـوێن و جێگاكـانی كوردسـتانەوە نـاوی كەناڵـەكانی راگەیاندنیان نەنێن ، چونكە كوردستان هی هەمووە و دەبێ بۆ هەموو بێت ..